# هونەری گۆرانی لە نێوان دوێنێی زیندوو،ئیمڕۆی بێ گیان دا

هەڵۆ بەرزنجەیی٢٠٢٠/٢/١٦



لێرەدا من گەرەکم نییە لە ڕووی زانستییەوە، قسە لە هونەری موزیک بکەم، چونکە ئەوە بوار و پسپۆڕی من نییە. لێ مەبەستمە لە کولانەیەکی دیکەوە، سەرنجێ لەو موزیک و تێکستانە بگرم، ئەوانەی بە ڕەسەنی خۆیان رۆح ئارام دەکەنەوە و چێژ و خۆشییەک بە گوێگر دەبەخشن، لەناوەڕا هەستی خۆشی دەبزوێنن.. هاوکات بەراودێک بکەم لە نێوان ئەو هونەرە بەهێز و زیندووە، لەتەک هونەری بێ گیانی سەردەمی مۆدێرنەدا ..

بۆ ئەم بەراوردکارییەش زۆر دوور ناکەومەوە...لەو نموونانەی لەبەر دەستدان، من کاری هونەرمەندی میللی بەناوبانگ « میدیا حسەین» و کوڕەکەی « جێگر میدیا حسەین» م وەک نموونە دەهێنمەوە. ئەوەیش لەبەر ئەوەی سەردەمەکانیان بەدوای یەکتردا دێن و ستایل و شێوازی چڕینی گۆڕانییەکانیش زۆر لێکەوە نزیکن.

گۆرانی جاران:

*************

شنەی شەماڵ لەکوێوە دێ و دەڕوا بەسەر زێوە

مەگەر گوڵ دوو باڵم بڕوێ، بفڕم بەو کەژ و کێوە

خۆی بەناز لێ تۆرانم، ناسکۆڵەی پەری شێوە

هەر هێندەم خواست تەمەن، با شادبم بەو دوو سێوە

سەر لەسەر سنگی دانێم، چش هەوراز و نشێوە..

*****************

لێوی پیاڵەی سادەیە، شەکری دەمی بادەیە

وەی لەودڵە بەدبەختەم، بێ هێز و ئیرادەیە

ناوێرم هاتووچۆی کەم، ماڵیان لەسەر جادەیە

سیروان لەهەقم نایە، سووتاوم بەو ڕادەیە

****************

هەروەکو مانگی چواردە،تریفەی لەگەڕەک وەردا

بە دەستوپەنجەی جوانی، درزێکی خستە پەردە

میدیا حسەین

تەماشای هونەر و چێژ و جوانی و تەڕوپاراوی وشە و گیانی زیندووی ئەم دێرانە بکە... ئەو عاشقە وێڵ و سەوداسەرە، هەموو هیوای تەمەنی گرێ دەدات بە گەیشتن و شادبوون بە دوو سێوەکەی یار... ئەو دیو سێوەش هان بە باڵای دەرەختێکەوە لە نزیک تۆقەڵەی سەرییەوە... شوێنەکە بەسەر سەرسنگەوە وەستاوە. بڕەک بەردەڵانی هەواراز و نشێوە... سروشتێکی جوگرافیایی کە لە هەموو شوێن و دەڤەرێکی کوردستان بەرچاو دەکەوێت. بڕینی ئەم سروشتە جوانە سەخت و دژوارە، دیارە هەڵبژاردنی ئەم سروشتە بکرێتە جۆلانەی خەو و عاشق بیەوێ پشوویەکی ئارامی تێدا بدات، یاخود سەرخەوێکی لەسەر بشکێنێ، ئەوە بۆی ئاسان نییە و هەر دەبێ تلاوتلی بێت، لە نێوان شیو و دۆڵی سەر سنگی یاردا.

یاران چ وێنەیەکی شیعری جوان لێرەدا بەرجەستە بووە!...تەختایی سنگ و نشێوی نێوان دوو مەمک، ئەم بەرزی و نزمییە، بۆتە هەوراز و نشێوی سروشتێکی جوان. جا عاشقە شەیداکە، هیچ دەربەست نایەت بەم قەدو باڵایەد هەڵزنێ ، بەو هەوراز و نشێوەدا ڕێ بکات تا دەگاتە تەپۆلکەکان/ بەرزاییەکانی لوتکەی سێوەکان.ئاخر لە جۆلانەی ئەم داڕشتن و مانا سیمبۆلییە ژیانییەدا، تەڕوپاراوی هونەرێکی زیندووی، تێدا دێت و دەچێ تەوژم دەدات...

خەیاڵ و فەنتازیایەک لێرەدا بەرجەستە بوو، نمایشتی جوانترین تابلۆ عەشق و خۆشەویستی بووە. من بۆخۆم هەرگیز بێزار نابم لە بیستنی ئەم جۆرە وشانە، کە بە ناواخن دەوڵەمەند بە مانا، بە خەیاڵو فەنتازیا، بە لێکچوواندن و بزواندنی هەست... بەئاواز و مۆزیکی نزیک لە عەشقی جوانی...

گۆرانی نوێ:

***********

حەز دەکەم لەگەڵ یاردا بچمە جادەی پۆزەکە

خۆم سورای دەکەم، دەیخەمە سەیارەکە

با عالەم بزانێ جێگر چاوی ماچ دەکا

هەتاکو ڕۆژی مردن، جێگر یادی لێ دەکا

بەخۆشی ئەمانە، ئەو گەعدەیەت بۆ دەکا

جێگر میدیا حسەین

ئینستاگرام نەبوایە ئێمە چیمان کردایە

وێنەی خۆی داناوە کوشتمی ئەو لایلایە

فەیسبووک باوی نەما باوی ئینستاگرامە

دەڵێ وێنەکانی تۆم بۆ یادگاری لە لامە

شیروان عەبدوڵا

لەگەڵ خۆشەویستی بۆئەم دوو گۆرانیبێژە ، کە دەزانم کۆمەڵێ بەرهەمی جوانیشیان هەیە و ڕەنگە لەنێو ئەو دەستەیەی ئەم بازاڕی هونەریان گەرم کردووە، لە هەرە باشەکانیان بن. لێ دیسانەوە لێرەدا ناجۆری ناهەمووارییەکی ئاڵۆز و قورس ساز بووە.

جارێ لە ڕووی دارِشتن و وشەکانەوە، زۆر وشک و بێ گیانن. ڕەنگە لەشاری سلێمانیش دا کەسانێک هەبن، نەزانن «جادەی پۆزەکە » چییە و لەکوێیە و مانای چییە؟!! جاوەرە مەودای خەیاڵت بۆ کوردێکی بەشەکانی تری کوردستان بڕوات ، دەبێت ئەو وشانە چەند ناسازتر بێنە گوێی بیسەر...! یان بیسەرێکی کرمانشانی چۆن لە وشەی «گەعدە »تێ بگات؟؟؟

ڕووبەری ئەم گۆرانییە و کەرەسەکانی، ئامێرگەلێکی تەکنەلۆژیایی سەردەمی مۆدێرنەن. خۆشییان لە تامی ئەو تەماتە بریقەدارانە دەچێت، کە تامیان نییە... ژیان لێرەدا دیلی ئەو پێگە و تۆڕە تەکنەلۆیاژیانەیە کە ناویان ناوە فەیسبووک و ئینیستاگرام و... تاد.

من پێم وایە، تا تەکنەلۆژیا پێشکەوێ، چێژە ڕۆحییەکان زیاتر دەکوژرێن و ، لە ڕەسەنایەتی دوور دەکەوینەوە و وشەی بێ گیان و ئاوازی وشک بە لێشاو دەڕژێتە گوێمانەوە و دەکەوینە پەراوێز و دامێنی هەرە خوارەوەی وێنە جوان و خۆڕسکەکانی نێو کۆمەڵگا و دیمەنی سروشتی کوردەواری.